# الله دیکتاتۆرێکی سەر زەوییە،



## نەک رەحمان و رەحیمی ئاسمان!

ئیدیعای موسوڵمانان دەربارەی ئەوەی کە الله بەرەحم و بەخشندەیە، پوچ و بێ ئەساسە. موسوڵمانان تەنانەت لە کاتی سەربرینی حەیوانەکانیشدا هەر ئەڵێن بە ناوی خودای مێهرەبان. لە کاتی خەتەنەی کچۆڵەکانیشدا هەر دەڵێن بە ناوی خودای رەحمان و رەحیم.

خودی خوداش لە قورئاندا بە خۆی دەڵێ رەحمان و رەحیم. بەڵام لە کردەوەدا ئەم اللەیە دیکتاتۆرێکی خوێن ڕێژ و ستەمگەرە. رەحمان و رەحیم، یان بەخشندەگی الله لەگەڵ ئایەتە خوێناویەکانی قورئاندا ناتەبا و ناسازگارە. بەخشندەیی الله لەگەڵ کوشتاری ناموسوڵمانان و بە بونی ١ میلیارد بەشەری برسی برسی و بێ دەرەتاندا، کە زۆربەشیان موسوڵمانن، ناتەبا و درۆیەکی گەورەیە .

بەردەوام وتویانە و دەڵێن کە خودا گەورەیە و بە تەمای خوداین. ئایا بومەلەرزەکان، لافاوەکان، هەلچونی گرکانەکان و لەناوچونی میلیونان ئینسان لەم ڕوداوانەدا نیشانەی ڕەحم و بەخشندەیی خودایە یان پوچ بونی قسەکانی الله و موسوڵمانان؟

کاتێک ئایەتە هەرەشە ئامێز و خوێناویەکانی قورئان دەخوێنینەوە، بەرەو روی اللەیەک دەبینەوە کە رقەون، قین لە دڵ و تۆڵە ئەستێنێکی غەدارە. لە قورئاندا الله رق و توندوتیژی و غەزەبی لێ دەبارێت. لە قورئاندا خودا هەم حاکمە و هەم حەکەم، هەم قازییە و هەم جەلاد، هەم لێپرسەرەوەیە و هەم شکەنجەگەر. ئایا بەراستی لە زات و سروشتی ئاوا اللەیەکدا بەخشەندەیی و ڕەحم هەیە؟ لە بەرنامە و دۆزەخی ئاگرینی ئاوا اللایەکدا رەحم و لێبوردن هەیە؟ ئەگەر هەیە بۆ کێیە؟

الله تەنیا لە سزادان و ئازاردان و تۆڵە و رق و شکەنجەدا بەخشندەیە. دیارە کاتێک الله لە زاتی خۆیدا تورە و تۆقێنەر و بکۆژ و داپلۆسێنەرە، دەبێ هەر ئەمەش لە پەیرەوانی چاوەروان بکرێت.

لە سەردەمی ئێستادا کە مەزهەب بەگشتی و دینی ئیسلام بەتایبەتی کەوتوتە بەر لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی، وە پوچ بون و بێ بنەما بونی بەهەشت و جەهەنم و قیامەت دەرکەوتوە، وە یاسا و پرۆگرامەکانی الله لەگەڵ ئینسانی ئەم سەردەمەدا ناگۆنجێ، تەنانەت بۆ خودی موسوڵمانانیش

بەریوە ناچیٚ، ئیسلامیە دورو و هەلپەرەستەکان، بە دەوڵەتەکان و حیزبەکان و کەسایەتیەکان و پەیرەوە گێل و گەمژەکانیەوە کەوتونەتە هەولدان و پاساوکردنی دینەکەیان. دەیانەویٚ لەگەڵ ئەم سەردەمە لایک و زانستیەدا بیگونجێنن. دیارە ئەمە سیاسەتی ئیسلام بوە لەسەردەمی سەرهەڵدانیەوە هەتا ئێستا. ئیسلام هەرکاتێک لاواز بووە سازشی کردوە و هەر کاتێک بەهێز بوە، دەستیان داوەتە کوشتار و تالاّن و کاولکاری.

ئیسلامیەکان دەیانەویٚ بە تەفسیر کردنی درۆیینەی قورئان و حەدیسە خوێناوی و جاهێلانەکان روخسارێکی رەحیم و ئینسانی لە اللەی جەلاد و دیکتاتۆر نمایش بکەن. دەیانەویٚ ئایەتە وەحشیانەکان و سەیفواڵلە (شمشێری خودا) کە لە قورئاندا سەبت کراوە و بە زمانی سادەی عەرەبی نوسراوە، بەدرۆ بخنەوە و بڵێن کە ئێوە لە خودا تێنەگەیشتون. یانی ئەگەر خودا لە قورئاندا وتویەتی تەماتە، مەبەستی هەنارە. ئەم ئیسلامیانە کاتێک دەتوانن لەگەڵ بەشەری ئەمرۆ خۆیان بگونجێنن کە بەرانبەر بە هەموو ئایەتەکانی جیهاد و قاتلوفیسەبیلیلا و حەدیسە خورافیەکان ماڵاوایی بکەن و چاویان لە دیکتاوریکی وەک اللە ببەستن و باسی لێوە نەکەن.

ناسینی اللەی ئیسلام کارێکی زۆر ئاسان و سادەیە. تەنیا برێک زەحمەتی دەویٚ کە بۆ تێگەیشتن لەم اللەیە، قورئان وەک خۆی بخوێنینەوە. اللە لە سەر زەویە و هەموو کاتێک قسەمان لەگەڵ دەکا. اللە لە قورئان دایە و زیندوە. اللە هەمو رۆژێک لە زمانی هەزاران مەلا و قەشە و خەلیفە و مورید و مورشێدەوە خۆی دەناسێنی و قسەمان لەگەڵ دەکا. اللە بەردەوام پێمان دەڵی کە ئەو کێیە، چی دەڵیٚ، چی دەویٚ، چۆن بیر دەکاتەوە و چلۆن کەسایەتیەکی هەیە. لە قورئاندا پێمان دەڵی کە لەسەر کام بنەما بریاری داوە و ئەمرەکان و یاساکانی خۆی بۆ چی مەبەستیک دەر کردوە. اللەی ئیسلام عەرەبە و لە قورئاندا بە زمانی عەرەبی قسە دەکا. اللە گەشە کردن مەحکوم دەکا و کاتی راگرتوە تا حاکمیەتی پارێزراو بێت. اللە گۆران هەڵنەگرە و لە گەڵ زمان و مەکاندا نییە. سەربەخۆ لە کات و مەکان و گۆرانە. اللە تا ئێستا خۆی بە خالەقی دو دنیا دەناسێنیٚ. دنیایەکیان ئەمەیە کە ئیمەی تێدا دەژین، وە دنیاکەیتری کەس نازانیٚ لە کوێیە.

موسوڵمانان بە بێ هیچ لێکدانەوەیەک تەسلیمی الله بون. هۆی بەردەوام بونی حاکمیەتی ستەمگەرانەی الله، هەمان تەسلیم بونی کوێرانە و راوەستان یان داخستنی مێشکی پەیرەوەکانیەتی کە توانای لێکدانەوەیان نییە. هەمو شتێکی الله لای پەیرەوانی بە بەخشش و رەحم ناو دەبرێت. ئیمان و باوەر بە رەحم و بەخشندەیی الله لە ناخی پەیرەوەکانیدا نیهادینە کراوە و کراوەتە شعورێکی درۆینە. ئەم شعورە درۆینە کە هەر لە منداڵیەوە سەپێندراوە، رێگای هەر جۆرە شک و گومانێکی بەستوە. ئەم شعورە درۆینەیە ترسێکی بێ بنەما و دەستکردە کە دەسەڵاتخوازان بە ناوی پێغەمبەر و رێبەر و سەرۆک و شێخ و مەلا و هەتا دوایی، هەلپەرەستانە خستویانەتە مێشکی خەڵکانی هەژار و نەخوێنەوارەوە. دیندارەکان هیچ کاتێک لە خۆیان نەپرسیوە کە چلۆن لەم اللەیە تێگەیشتون، وە چلۆن کوێر، کوێرانە قەبولیان کردوە کە الله بەخشندەیە. قەت ئەم پرسیارانەیان لە خۆیان نەکردوە کە الله بەخشندەی چ شتێکە، چ کەسانێک یان کێ دەکەوێتە بەر ئەم بەخشش و رەحمەتانەی الله؟ ئایا کەسانێک کە گوناە یان هەڵەیەک بکەن، دەکەونە بەر لێبوردنی الله؟

ئایا الله لەبەر کەسێک، کەسێکیتر عەفو دەکا؟ ئایا ئەوانەی کە سەرپێچی لە ئەمرەکانی الله دەکەن، الله لێیان دەبورێ؟ ئایا لێبوردن و رەحم و رەحمەتی الله بۆ هەموانە، وە بە بێ لەبەر چاو نەگرتنی کردار و رەفتار و کردەوەکان، خاس و عام دەگرێتەوە؟ یان تەنیا کەسانێکی تایبەت دەگرێتەوە کە موسوڵمانن، ئەویش موسوڵمانی جیهادکەر؟ ئایا بۆ جارێکیش قورئانمان خوێندوەتەوە بۆ ئەوەی کە بزانین پێناسەکانی الله لەسەر خۆی راستن یان درۆ؟

ئەگەر قورئان بە هەمان دەق بخوێنینەوە کە مانا دەدا، نەک بەو مانایەی کە مەلا و موفتیەکان دیسەپێنین بەسەریدا، تێدەگەین کە لێبوردن، یان الرحمن و الرحیم، ئەو تایبەتمەندیانەن کە لە سەرەتای قورئاندا، الله بۆ وەسف و پێناسەی خۆی بەکاری هێناوە، نەک بۆ باس و شەرحدانی کردەوەکانی خۆی. الله باسی چلۆن بونی خۆی دەکا، نەک چلۆن دەبێت.

کاتێک دەچینە ناو بابەتی لێبوردن و رەحمی الله، ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێ کە الله لە گوناە و گوناهکار نابورێت. عەفوکەری هەڵەکان و کەمتەرخەمان نییە. الله رەحم کەرە، بەرانبەر بە تەسلیم بوان سەرپێچیکەران. لێبوردن و عەفو یانی چاوپۆشی کردن لە هەلەکان و گوناهەکان، و سزا نەدانی گوناهکاران. الله ناتوانێ لە گوناهەکان و هەڵەکان ببورێ، لەبەر ئەوەیکە الله هیچ چەشنە حالاتێکی نەفسی و هەست و عاتیفەی ئینسانیی تێدا نییە. لە هیچ جێگایەکی قورئاندا باس لە

لێبوردن و چاوپۆشی لە گوناە و هەڵەی گوناهکاران و سەرپێچیکەران نەکراوە، بەتایبەتی ئەگەر گوناهێک کە لە کوفر و گومان لە بونی الله بێت. تەنانەت کاتێک باسی رەحمان دەکرێ، ئاوەڵناو و تایبەتمەندیی اللەیە کە وەک عەفوی گشتی دەبێ هەمووان بگرێتەبەر. بەڵام الله بە هیچ شێوەیەک لە کافران و موشریکان و تاوانکاران خۆش نابێ و بەردەوام هەرەشەی تۆڵەیان لێ دەکات. لە تەواوی ئایەتەکانی قورئاندا بە رونی ئاماژەی پێ کراوە کە ئەمە سوڵتەی اللەیە کە هەمووانە دەگرێتەبەر نەک لێبوردنی ئەو. ئایەتەکانی (٥) و (٧٥)ی سورەتی مریەم هیچ گومانێکی لە لێبوردو نەبونی الله نەهێشتوەتەوە. لە برێک ئایەتدا الله مەجال بە گومراکان دەدا کە تەسلیم بن. بەڵام مەلاکان ئەمە بە لێبوردن ناو دەبەن. مەجالدان لەگەڵ لێبوردن فەرقی تەواوی هەیە. ئاوەڵناوی عادل کە دراوەتە پاڵ الله و گۆیا لە سروشتی ئەودایە، لەگەڵ لێبوردنی تاوانبار و گوناهکار و سەرپێچیکەردا، ناگونجێ. عەدالەتی الله (٢) لایەنی هەیە کە هەردوکیان یەک شتن. یەکەمیان سزای ئەوانەیە کە لە ئەمری الله سەرپێچی دەکەن. دووهەمیان پاداشدان بەوانەیە کە بە ئەمری الله، سەرپێچی کەرانیان لەناو بردوە و ئەمرەکانی اللەیان بە جێ هێناوە.

الله لە قورئاندا بەردەوام و بە رونی رایگەیاندوە کە بە هیچ قیمەتێک ئەهلی وتووێژە و ئاشتی و لێبوردن نییە. تەنانەت بەرتیل و هەدیەش دەور نابینێ بۆ خۆش بون لە گوناهەکان و تاوانەکان. بۆ نمونە، لە چەند ئایەتێکی سورەی بەقەرەدا ئەم بابەتەی راشکاوانە و شەفاف باس کردوە.

لە ئایەتی (٤٨)دا دەڵێ: لەو ڕۆژە بترسن کە هیچ کەسێک لە جێگای کەسیتر سزا نادرێ، وە واستەگەری و شەفاعەتی هیچ کەسێک وەر ناگیرێت، جەریمە و بەرتیل یارمەتی بە کەس ناکا.

لە ئایەتی (٢٨١) ی هەمان سورەدا دەڵێ: لەو ڕۆژە بترسن کە هەمووان دەگەرێنەوە بۆ لای الله، هەر کەسێک بە بێ کەم و زیاد ئاکامی کردەوەکانی خۆی وەر دەگرێت. زوڵم لە کەس ناکرێ و هیچ هەلاواردنێک لە کاردا نییە.

الله بە یەکسان چاو لە هەمووان دەکا. چاکە و خراپەکان بە بێ پاداشت و سزا نابن. هەرکەسێک لە هەر پلە و مقامێکدا بێ، ئەگەر چاکەی کردبێ، یانی دەستی لە ژیان هەڵگرتبێ و خۆی فیدای الله کردبێ، وە قەت گومانی لە گەورەیی و عەزەمەتی الله لە لایەک، وە لە لایەکیترەوە لە هیچ بونی خۆی نەبوبێ پاداشتی ئەم کەسانە بەهەشتە. بەڵام جێگای تەواوی ناموسوڵمانان و گوناهکاران

دۆزەخ و ئاگری سوتێنەرە بۆ هەمیشە. سزاکانی الله هەزارانجار لە سزاکانی دیکتاتۆرەکانی سەر زەوی قورستر و سەختترە. الله باسی شێوازی سزاکانی خۆی بە ئاشکرا کردوە. رق و تورەیی الله کوتایی پێ نایەت و تۆلە ئەستێنێکی بێ بەزەییە.

رۆژی قیامەت کاتێک کە دەفتەری لێپرسینەوە دەکاتەوە، هەر کەسێک سەرپێچیکەر بوو بێ یەکسەر بۆ دۆزەخ بەرێ دەکرێ، لە ئاگردا بەردەوام دەیسوتێنێ و بۆ ئەوەی بەردەوام عەزاب بکێشێ، نایمرێنێ. لە بەرانبەردا ئەو موسوڵمانانەی کە ئەمرەکانی اللەیان بەجێ هێناوە، یانی بێدینەکان و کافرەکانیان کوشتوە و جیهادیان بۆ الله کردوە، بەرەو بەهەشت بەرێ دەکا. لە بەهەشت ژیانی هەتاهەتایی بۆ دابین کردون. لە بەهەشتدا الله شەرابی ناب و (٧٢) حۆری جوان و (٢٨) غەلمان (کوری ٥-٦ ساڵانی لوس و بێ توک) دەخاتە بەردەستی موسوڵمانان بۆ سەکس کردن و رابواردن.

لە ئایەتی (٥٦) و (٥٧) ی سورەتی نیساء دا الله تۆڵەی خۆی بەم جۆرە بەیان دەکا:

ئەوانەی کە ئیمانیان بە ئایەتەکانی ئێمە نەهێنا و کوفریان هەڵبژارد، بەزویی دەیانخەینە ناو ئاگری دۆزهەخەوە تا هەمو پێست و لەشیان بسوتێ، دیسان پێست دەکەینەوە بە بەریاندا و دەیانسوتێنینەوە تا عزابی تەواو بچێژن. الله قادر و بەخشندەیە و ئەوانەی کە ئیمانیان هێنا بەهەشت جێگایانە کە پرە لە شیر و شەراب و هەنگوین و حۆری و هەتادوایی.

بە پێی خودی ئایەتەکانی قورئان، الله لە پێشدا مالکی دۆزەخ و جەهەننەمە نەک بەخشندە و بەرەحم. الله شکەنجەگەر و رقەون و ئازار دەرە نەک رەحیم و دڵفراوان. الله کە لە قیامەتدا لێپرسینەوە و سزا و پاداشتی هەیە، چلۆن دەتوانێ لە گوناە و خەتای کەسێک چاو پۆشی بکا؟ ئەگەر قەرارە وایە کە الله لە گوناهان و تاوانی مەخلوقاتی خۆی ببورێ، ئیتر چی پێویستیەکی بە نوسین و راگرتی نامەی رەفتار و کرداری بەندەکانی خۆی هەیە؟ بە هەمان شیوە ئیتر چی نیازێکی بە رۆژی لێپرسینەوە و قیامەت هەیە. خودی وشەی لێبوردویی الله، رۆژی میعاد و لێپرسینەوە پوچەڵ و باتڵ دەکاتەوە. اللەیەک کە لە قورئاندا دەژیت و هەمیشە لە زمانی مەلاکانی مزگەوتەکان و ناوەندە دینیەکانەوە قسەمان لەگەڵ دەکا، دەتوانێ بەخشندەی هەمو شتێک بێ، بێجگە لە گوناە و سەرپیچی کردن لە ئەمرەکانی. شتیک کە مالکیەتی الله بەسەر بەهەشت و دۆزەخدا پاساو دەکا، قین لە دڵی و تۆڵە ئەستێنیی بێ بەزەییانەیە کە لە زاتی الله دایە، نەک حەفو و لێبوردن.

قورئان پرە لەو ئایەتانەی کە بەردەوام کافران و موشریکەکان و منافقەکان ئاگادار دەکاتەوە و هەرەشەی تۆڵەیان لە دەکا. هەروەها جنێویان پێ دەدا و بە پیسترین و خراپترین گیانلەبەرانی سەر زوی ناویان دەبا. پێان دەڵێ ستەمکار، درۆزن، بوختانچی و ساختەچی. عەزابی سەخت و ئاگری بۆ ئامادە کردون. ئاوا اللەیەک ناتوانێ لێبوردو و بەخشندە بێت.

لە سورەتی نیساء لە ئایەتەکانی (١٦٧) و (١٦٩)دا دەڵێ کە هیچکاتێک کافرەکان و گوناهکاران نابەخشێت و هیدایەتیشیان ناکا. هیچ شتێک بەقەدەر شەریک قایل بون بۆ اللە، اللە تورە ناکا. لە ئایەتی (٢٢) و (٢٣) ی سورەتی اسراء دا فەرمان دەردەکا کە بۆتان نییە شەریک بۆ اللە دابنێن، ئەگینا توشی عەزابی هەتاهەتایی دەبن، وە خودای ئێوە حوکمی داوە کە بێجگە لە ئەو هیچ شتێکیتر نەپەرستن.

بە پێی فەرمانەکانی اللە کە لە قورئاندا نوسراوە، بە پێوەر و دەلیلی عەقڵی و مەنتقی، بە هیچ شیوەیەک ناتوانرێ اللە بە رەحەمان و رەحیم، بەخشندە و مێهرەبان دابنرێ. اللەیەک کە گومان و کوفر بە گەورەتری گوناە و تاوان دادەنێ و موشرێکان و کافرەکان بە گەورەترین دوژمنی خۆی دەزانێ، اللەیەک کە خوێنی کافران و گوناهکاران بە حەڵاڵ دادنێ و فەرمان بە موسوڵمانان دەدا بیناکوژن و لەناویان بەرن، ناتوانێ خاوەنی لێبوردن و بەخشندە بێ. اللە حەزی لە ئیتاعەت و تەسلیم بونی ئینسانەکانە و رقی لە ئازادییە. ئەگەر اللە بەخشندەیە، هۆی ئەوەیە کە موسوڵمانەکان رێگای ئەویان گرتوەتەبەر و بە پێی ئەمرەکان و حەز و مەیلی ئوە رەفتاریان کردوە. ئەمەش ناتوانێ دەلیلی رەحمی اللە بێ، چونکە هیچ هەڵەیەکیان بەرانبەر بە ئەمرەکانی اللە نەکردوە تا لێیان خۆش بێت.

اللەی ئیسلام هیچ رەحم و لێبوردنێکی بەرانبەر بە ئینسانەکان نییە. کەلامی اللە کە قورئانە، هیچ شک و شبهەیەکی نەهێشتوەتەوە. اللە نەک هەر لەو دنیا، لەم دنیایەشدا لە کەس خۆش نابێ. لەو دنیا ئینسانەکان مەحکوم بە سوتان لە دۆزەخ و عەزابی ئەلیم دەکا. لەم دنیایەش هیچ جۆرە نیشانەیەک لە لێبوردن و عەفو لە کەلامی اللەدا بەدی ناکرێ. لەم دنیایەش سزای سەرپێچیکەران قەساس، سێدارە، شەلاق و بەردەباران، لە ملدان بە شمشێر و کۆشتاری بە کۆمەڵی کافران، سزای ئەنفال و جیهادە لە دژی نەیاران. فەرمانرەوایی اللە تەنیا لە رێگای بەکار هێنانی رق و توندوتیژی و بێ رەحمی و دڵرەقیەوەیە نەک لێبوردن و عەفو کردن. اللە بۆ سزادانی کافر و نەیارانی خۆی نەک هەر پەنا بۆ ئەو ئامرازانە دەبا کە بەژانترین ئازار و زیان بە لەشی سەرپێچیکەر دەگەیەنێ، بەلکە

زیان بە رۆح و دەروونیشی دەگەیەنێ و کەسایەتیی دەروخێنێت. حوکمی قرتاندنی دەست و پێی کەسێک کە لەبەر هەژاری دەست بۆ دزی دەبا، بەردەبارانی ژن و پیاو و کچ و کور لەبەر خوشەویستی، سەلمێنەری بێزاریی الله و موسوڵمانانە لە ئازادی و ئینسانیەت.

نیازی الله بە سزادان و تۆڵە کردنەوە، راست هەمان نیازی دیکتاتۆرێکی هار و دڵرەقە کە نەک لە ئاسمانەکان، بەڵکە لە زەویدا دەژی. اللەیەک کە شەر و توندوتیژی لە سروشتیدایە، ناتوانێ لێبوردو و بەرەحم بێ.

بە بونی ئاوا اللەیەک کە لە قورئاندا دەژی و بەم پەیرە و پروگرامە خوێناویەوە، ئایا دەکرێ لە پەیرەوەکانی چاوەروانیی رەحم و لێبوردن و عەدالەت بکەین؟ مەلاکان، سەرانی حیزب و حکومەتە ئیسلامیەکان، ئەندامانی ئەلقائیدەکان، ئەنسارەکان، ئەخوانەکان و فیرقە و گروپە ئیسلامیەکان پیاوانی راستگۆ و راستەقینەی ئەم اللە ستەمگەر و تۆڵە ئەستێنەن. بە کوردی کوری باوکی خۆیانن.

نووسینی: عوسمانی مەلا

١٩ی ٤ی ٢٠٠٩